# تیۆرییەکانی پۆلێنبەندیی ئەدەب
# لە نێوان ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی هاوچەرخدا

د. حەیدەر جەوهەر ئەحمەد
(زانکۆی پزیشکی هەولێر)
( ٢ - ٢ )

**پۆلێنبەندیی ئەدەب لە سەردەمی هاوچەرخدا**

لە سەردەمی هاوچەرخ و پۆستمۆدێرندا دەبینین تیۆرییە ئەدەبییەکان، گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە و بەرەو هەڵوەشانەوەی جەمسەری جیاوازی نێوان دنیای دێرینی شیعر و پەخشان هەنگاوی گەورەیان هەڵێناوە، بەم چەشنە ئەمڕۆ پێمان وایە دەتوانین لە وێنە گشتییەکەدا ژانری ئەدەب بەسەر چەند بەش و یەکەی لێکچوو و جیاوازدا پۆلێنبەند بکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

**١. ژانری شیعر،** هەموو فۆرمە شیعرییەکانی ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی تازە و سەرجەم ژانری شیعری هاوچەرخ لەخۆدەگرێت، ئەوەندە هەیە لە ڕووی بەرخوردکرنی شاعیر لەگەڵ بنیادی زمان، فۆرم، وێنەی شیعری، کەرەستەی شیعری و پێکهاتەی هزری بە پێی ڕۆژگار و بەناوی (تازەگەری) لەیەکتر جیاوازن.

**٢. ژانرە چیرۆکئامێزەکان،** ئەمەش بەسەر ژانری داستان، ڕۆمان، چیرۆکدا دابەش دەبێت.

**٣. ژانری شانۆنامە،** کە شانۆنامەی شیعری کۆن (تراژیدیا، کۆمیدیا) و شانۆنامەی پەخشانی سەردەمی نوێ و هاوچەرخ دەگرێتەوە.

لە سەردەمی هاوچەرخدا وەک پێویستییەکی سەردەم و ڕەنگدانەوەی شارستانیەتی جیهانی نوێ، ئەم ژانرانە دەردەکەون و دەچنە نێو سنووری تیۆری نوێی ژانرە ئەدەبییەکانەوە:

**٤. ژانری ژیننامە (Autobiographie):** ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی تیۆری نوێی ژانرە ئەدەبییەکان، ژانری ژیننامە* (٢٨) وەک ژانرێکی ئەدەبی نوێ هەژمار دەکرێت، فۆرم و زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، پێکهاتەکەی بە دەربڕینێکی شیعرییەتئامێز دەچنرێت. ئەم ژانرە ئەدەبییە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی تاڵی و شیرینی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیان ڕەنگرێژ دەکرێت. لەنێو فۆرمی ئەم ژانرەدا نووسەر بە دیوێکدا بوێرانە ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی و تێڕامانی قووڵ و جیهانبینییەکە، بەدیوێکی دیکەدا ئەوەی

بنیویەتی و بیستوویەتی و هەستی پێکردووە و بە نهێنی شەتەک دراوە، ئەوە بە دەستپاکی و بە شێوازێکی ئەدەبی دەیخاتەڕوو، دواجار ڕاستییەکان دەدرکێنێت.

واتە ئەم ژانرە لە سەردەمی هاوچەرخدا هاتووەتە کایەوە، بەو شێوەیەی، کە لەسەر بنەمای نووسینەوەی بوون و ژیان و ڕەگەزە ئەدەبییەکان ڕەنگڕێژکراوە، ئەمەش بە جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوەی ژیان و نیشاندانی ناسنامە و خۆدەرخستنی کەسێک لەناو ڕووداو و کردەکاندا، لە ناو نووسین و وشە و ڕستەکاندا (٢٩)، کاتێک نووسەرێک لەبارەی تێڕوانین و ئەزموونی ژیننامەی ناودارێک لەسەر بنەمای خۆنووسینەوە و خستنەڕووی ڕاستییەکان و پەردەهەڵماڵین لەسەر نهێنییەکان و تێگەیشتن لە مانای شتەکان لە ژیان دەدوێت، بەشێوەیەک ژیانی ئەو کەسەی ژیننامەکەی تێدا بەرجەستە دەکرێ، دەکەوێتە سەنتەری گێڕانەوە، پاشان ڕووداوەکانی سەردەم و یادەوەری و گەشتی ژیان و یاداشتەکان دەکەونە پەراوێزەوە.

هەندێک جار نووسەرێک بە هاوکاری کەسێکی ناودار بەپێی هاوکاری ناودارەکە و بەرنامەڕێژییەک ژیننامەکە دەنووسێتەوە، هەروەک نووسینەوەی ژیننامەی (پرۆفیسۆر مۆری چارلی شوارتز) مامۆستا لە زانکۆی (براندایس)ی شاری (واڵت هام) سەر بە ویلایەتی (ماسەشۆستس)ی وڵاتی ئەمریکا لەلایەن (میچ ئەلبووم) بە ناوونیشانی (سێشەممان لەگەڵ مۆری). ئەم ژیننامەیە یەکێکە لە پڕفرۆشترین نووسراوی ژانری ژیننامە لە دنیادا، (٣٠)، (ئەلبووم: ٢٠١٦) ، کە بۆ زۆرترین زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕراوە، تەنانەت ئەم ژیننامەیە چووەتە ناو فۆرمی فیلمنامە و هونەری سینەمایی و کراوە بە فیلمێکی سینەمایی کاریگەر.

لە سەرێکی دیکەوە باوترینی ژیننامە ئەوەیە نووسەر، یان شاعیرێک، یان کەسێکی ناودار خۆی ژیننامەی خۆی بنووسێتەوە، وەک چۆن دەبینین شێرکۆ بێکەس لە (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) ژیننامەی خۆی بە شێوازێکی ئەدەبی نووسیوەتەوە، بۆیە لەم بارەیەوە جان ستارۆبینسکی (Jean Starobinski) (١٩٢٠- ٢٠١٩) نووسینەوەی ژیننامە وەک ژانرێکی سەربەخۆ پیشان دەدات و پێی وایە ژیننامە، ژیننامەیەکی خودییە و لەلایەن کەسەکە خۆیەوە دەنوسرێتەوە (٣١).

کەواتە نووسینەوەی ژیننامە و جیهانبینی کەسێکی ناودار لەسەر بنەمای بەیەکداچوونی بوون و ژیان و ئەزموون و ماناکانی ژیان و ڕەنگڕێژکردنی بەشێوازێکی ئەدەبی و بەکاربردنی ڕەگەزە ئەدەبییەکان، کە تێیدا بنچینە و خەسڵەتەکانی نووسینەوەی ژیننامەی تێدا بەرجەستەکرا بێت، ئەوە دەچێتە ناو پەرژینی ئەدەب و بە ژانرێکی ئەدەبی هەژمار دەکرێت.

**٥. ژانری فیلمنامە (Screenplay Text):** فیلمنامە ژانرێکی ئەدەبیی هاوچەرخە، فۆرم و سیمای تایبەت بە خۆی هەیە، لەسەر بنەمای چیرۆک ڕەنگڕێژ دەکرێت، لەلایەن نووسەرێکی خودان بەهرەی نووسینەوە لە میانەی تێکست دەنووسرێت، کە بە تەکنیکەکانی وێنەسازی و هونەرەکانی سینەمایی زەنگینە. بەمانای ئەوەی هەر فیلمنامەیەک، یان (تێکستی فیلم) پشت بە بنیادی چیرۆک دەبەستێت و دەیەوێت لە ڕێگەی چێژی چیرۆکەکەوە پەیام و کارێکی ئیستێتیکی پڕ لە ململانێ پێشکەش بە وەرگر/ ڕەخنەگر بکات، چیرۆکێک کە ژیان بنووسێتەوە، یان فەلسەفەی جەوهەری بەشێکی زیندووی ژیان دەربخات، بەوەی بە ستایلێکی نوێی ئیستێتیکی دنیایەکی کۆن برووخێنێت و دنیایەکی نوێ بنیاد بنێتەوە.

کاتێک بیرۆکەیەک لە ئاوەزی نووسەردا گەڵاڵە

دەبێت، ئەوە لە قۆناغی یەکەمدا جلوبەرگی وشەی بە بەردا دەکرێت، دواتر بیرۆکەکە دەچێتە نێو سنووری هونەری چیرۆکنووسینەوە، بەم چەشنە چیرۆکەکە پەرەدەسێنێت و بە چەندان قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، ئەوسا لە ڕێگەی وشە و ڕستە و زمانەوە، ژانری فیلمنامەی ئەدەبی بە تەواوی بەرجەستە دەبێت، دواجار فیلمنامە دێتەئاراوە، بەمەش ئامانجی وشە و ڕستە و پەرەگرافە نووسراوەکان، خۆی لە گوزارشتکردن لە زنجیرەیەک وێنەسازی و دیالۆگدا دەبینێتەوە، کە هەموویان پێکڤە چیرۆکێک دەگێڕنەوە.

بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین ژانری فیلمنامە بەشێوازێکی هونەری لەسەر بنەمای هونەری چیرۆک و تەکنیکی دیالۆگ و نووسینی تێکست بە وێنەسازی لە ڕێگەی ستراکتوری وشە و هێما و دەلالەت و زمانەوە بە شێوازێکی ئیستێتیکی ڕەنگڕێژ دەکرێت، بە ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەک هەست و سۆز و هزر و فانتازیا بارگاوی دەبێت، هونەرەکانی زمانی دەربڕینی پڕ چێژی جوانیناسی و میتافۆر و لادانی زمانی و هێما و دەلالەت و شێوازی ئەدەبی تێدا ڕەچاو دەکرێت و کاریگەرییەکی بەهێز و چەشنەیەکی ئیستێتیکی بەرز پەخش دەکات، ئەمەش بەهایەکی ئەدەبی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەپێی تێڕوانینی تیۆریی نوێی ژانرە ئەدەبییەکان، ژانری ئەدەبی فیلمنامە، یان تێکستی فیلم بە ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخ لەقەڵەم دەدرێت و هەمان پێگەی ژانری شانۆنامەی هەیە، بۆیە زۆرجار دەبینین ژانری فیلمنامە تەنیا وەک تێکستێکی ئەدەبی چاپ و بڵاودەکرێتەوە، بەبێ ئەوەی بکرێت بە فیلمی سینەمایی، ئەنیمەیشن، بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی.. تاد، کەواتە مەرج نییە هەموو فیلمنامەیەک بەمەبەستی نیشاندان لەسەر شاشە بنووسرێت. لەتەک ئەمەشدا ئەم ژانرە، لەسەر نەخشەی ئەدەب و هونەری جیهانیدا ڕووبەرێکی بەرفراوانی کارکردنی هەیە، بەوەی ڕەگێکی قووڵی لەناو ئەدەب و ڕەگێکی دیکەی لەناو هونەردایە، تەنانەت ڕایەڵەی پێوەندی گرێدراوی بە وێنەی ئەدەبی و هەستی بینین و وێنەسازی و بیرکردنەوە لە ڕێگەی وێنەی هونەری لە شێوەی دیمەنی سینەمایی لە ئاستێکی بەهێزدایە، بەمەش لەگەڵ تەکنیک و ئامراز و هونەری سینەمایی بەیەکداچووە و بە لێکەوتەی ئەو هونەرە دادەنرێت، واتە فۆرم و پێکهاتەی سەرەکیی ژانری فیلمنامە سوودێکی زۆری لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی هونەری سینەمایی لە سەدەی بیستەم وەرگرتووە.

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە دەرکەوتنی ژانری فیلمنامە بەبێ پێشینە نەبووە، بەڵکوو لە کاتێکدا دنیای ئەدەب لەژێر هەژموونی مێژووگەرایی و کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە بەرەو زمانناسی هەنگاو دەنێت، بەوەی لە سەردەمی تازەدا زیاتر دەکەوێتە ژێر هەژموونی ڕێبازی سیمبۆلیزم و ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا و دنیای نوێ و شارستانیەتی تازەی جیهانی و تازەگەرییەوە، ئەوە دنیای تازەی ئەدەب، پێویستی بە زمانێکی نوێی دەربڕین و سیستمێکی ئاماژەیی نوێبەخش دەبێت بۆ گوزارشتکردن لەم ڕۆژگارە تازەیە، هەر بۆیە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، لەنێو تیۆریی نوێی ژانرە ئەدەبییەکاندا بە بارگاویبوون بە سیستمێکی هێماگەری ئەدەبی و میتۆدی سیمیۆلۆژیا و زمانی ئاماژەخوازی هونەری سینەماییەوە، ئەوە ژانری فیلمنامە وەک ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخ، ستوون و پایەکانی خۆی دادەمەزرێنێت، دواجار هەموو ئەمانە وا دەکەن ژانری فیلمنامە بە زمانێکی پڕ چێژی ئاماژەگەرایی و میتافۆری خاوەن دەلالەتبەخشی ئەدەبی و هونەری دابڕێژرێت، کە تێیدا ئەدیبان و

سینەماکاران چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرن. دواتر دەشێ سینەماکاران بڕیار لە بەرهەمهێنانی ژانری فیلمنامە وەک فیلمی سینەمایی لەسەر بدەن، یان ڕەتی بکەنەوە، وێڕای ئەمەش زۆرجار دەبینین فیلمنامە وەک ژانرێکی ئەدەبی بۆ خوێندنەوە چاپ دەکرێت.

نابێ ئەوە لە یاد بکەین، کە ئەمڕۆ جوگرافیای ژانری فیلمنامە فراوان بووە و خزاوەتە ناو بوارەکانی کاری تەلەڤزیۆنی، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، کلیپ و ڕێکلام... تاد، بەمەش لە کورتترین ڕستەی چیرۆکئاسای کورتخایەنی چەند چرکەیەکەوە بۆ درێژترین تێکست، تەنانەت بۆ دەیان فۆرمی زنجیرەیی درێژ دەبێتەوە، جگە لەمەش نووسینی ژانری فیلمنامە لەم سەردەمەدا لەسەر ئاستی جیهان خواستێکی زۆری لەسەرە، نووسەرانی ژانری فیلمنامە، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری گرێبەستی فیلمنامەکانیان بە نرخێکی بەرز لەگەڵ دەزگە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییدا واژۆ دەکەن.


ئەگەرچی ژانری فیلمنامە لە ئەدەبی جیهانیدا، مێژوویەکی زەنگینی هەیە و تێکستی فیلمنامەکان لە دووتوێی کتێبدا بڵاوکراونەتەوە، کەچی ژانری فیلمنامە درەنگتر لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتووە. وەک نموونەیەکی پراکتیکی دەبینین فیلمنامەی (نێرگز بووکی کوردستان) لەلایەن چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (حەمە فەریق حەسەن)، سەرەتا لە چوارچێوەی ژانری فیلمنامە لە ساڵی (١٩٨٩) نووسراوە. لە ساڵی (١٩٩٠) بە شێوەی فیلمی سینەمایی (٣٥ ملیم) لەسەردەمی هەژموونی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی کۆلۆنیالی (١٩٢١ - ١٩٩١) لەنێو جوگرافیای باشووری کوردستان بەرهەم هێنراوە و لەلایەن (جەعفەر عەلی) دەری هێناوە. بەم چەشنە ئەم فیلمنامەیە لە سنووری چوارچێوەی ژانری ئەدەبییەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو بازنەی هونەری سینەمایی و وەک یەکەمین فیلمی سینەمای کوردی لە سەر ئاستی وڵاتی عێراق هەژمار دەکرێت، کە لە ساڵی (١٩٩١) لەسەر شاشە بۆ بینەر نمایش کراوە، پاشان ئەم فیلمنامەیە بە شێوەی تێکست بۆ خوێندنەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمڕۆ خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی تێکستەکە بخوێنێتەوە.

**٦. دەقی واڵا:** ئەگەرچی بە دەقی ئاوێتە، یان هەندێک جار بە دەقی کراوە ناسراوە، بەڵام هێندە نییە، کە بەرەو ژانربوون هەنگاوی ناوە و سیما و تایبەتمەندییەکانی دەرکەوتوون و وەک شێوازێکی تایبەت و فۆرمێکی نووسینی ئەدەبی هاوچەرخ و ژانرێکی تازەی سەربەخۆی ئەدەبی ئاڕاستەی بەرەو ڕسکان وەرگرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە، کە ئەدەبیات بە ڕوونی لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو شارستانیەتە گەردوونییەی ئەمڕۆ لە ئارادایە زۆر بەخێرایی بەرەو ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون دەچێت و سیماکانی دەردەکەوێت، هەروەک شێرکۆ بێکەس پێشبینی کردووە و دەڵێت: «پێئەچێ کە ئیتر دەقی کراوە ببێتە شکڵی زاڵ و بەرچاوی ئەم دنیا ئەفسووناوییە» (٣٢).

لێرەدا دەبینین دەقی واڵا بە ئاشکرا بوونی خۆی لە ناوەندە ئەدەبییەکان ڕاگەیاندووە و ئەمڕۆ خوێنەر/ ڕەخنەگر بە پێکهاتەکەی ئاشنایە، بۆیە بەپێی تێڕوانینی تیۆریی نوێی ژانرە ئەدەبییەکان، دەقی واڵا بە ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت، بەوەی لەنێو پێکهاتەکەیدا ڕێز لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، یان هەر ژانرێکی دیکە ناگیرێت، تەنانەت لەسەر بنەمای زمانێکی تێکەڵ و فۆرمێکی هەمەجۆر و پێکهاتەیەکی

تێکەڵ و خەیاڵی فراوان و بوونی چیرۆک و ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەنووسرێت، گێڕانەوە و ڕووداوی تراژیدی و کۆمیدی، دیالۆگ، تابلۆی هونەری، ڕەگەزی فیلمنامە، هونەری سینەمایی و هونەری پەخشانی تێدەکەوێت، بەم چەشنە هێڵی سووری بۆ هیچ ژانر و دەقێک نییە، کە بە خاسیەتی خۆیەوە بچێتە ناو سنووری فۆرمەکەی، بەمەش فۆرمێکی کراوەی هەیە، لەتەک ئەمەشدا دەشێت سنووری دەقی واڵا دەقێکی درێژ بێت، دەشێت کورت بێت.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا دەیبینین دەقی واڵا بە کەرەستەی شیعر خۆی بەرجەستە کردووە، زیاتر لەلای شاعیرانی فرەبەهرە و لەنێو دنیای شیعر زیاتر کاری لەسەر کراوە، بەڵام هەر تەنیا وابەستەی جیهانی شیعری نییە و بە سەبژانری* (٣٣) شیعر هەژمار ناکرێت، ئەگەر وابێ، ئەوە دەشێت بە کەرەستە و تەکنیکەکانی ژانری دیکەش، دەقی واڵا بەرهەم بهێنرێت، بۆیە دەقی واڵا ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە. لەم بارەیەوە حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: «هەرچەندە دەقی واڵا لە شیعر سوودمەند دەبێت، یان دەشێت بەپلەی یەکەم پشت بە شیعر ببەستێت، بەڵام ناکەوێتە خانەی شیعرەوە و ژانرێکی دیکەیە، تەواو وەک چۆن دەتوانین بە زمانی شیعری، چیرۆک بنووسین، هەر وایش دەتوانین بە کەرەستەی شیعر، دەقێکی واڵا بەرهەم بهێنین، بۆیە دەقی واڵا، سەر بە خێزانی شیعر نییە، ژانرێکی سەربەخۆیە.» (٣٤)، بەم ڕەنگە ئەم ژانرە سەربەخۆیە، خاوەن فۆرمی هەمەجۆرە و یەک فۆرمی دیاریکراوی نییە و هەموو ژانرە هونەری و ئەدەبی و نائەدەبییەکان جێگەیان تێدا دەبێتەوە، واتە « یەک ژانر، یان یەک هونەر لەخۆ ناگرێت. لە هەندێک شوێندا شیعر ئەبینی و لە هەندێک جومگەی تردا پەخشان و لە بەشێکی تردا چیرۆک و لە هەندێک ئاستی تردا شانۆنامە، تەنانەت ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی و دیالۆگی ئاسایی و قسەی ڕووتیشی تێئەکەوێ. (٣٥)»، لەتەک ئەمەشدا ئەم ژانرە هێشتا هەر لە پەرەسەندن و گەشەسەندنێکی ئاڵۆزدایە و پێشبینی دەکرێ لە ئایندەدا پێگەیەکی بەهێزی داهێنانکاری لەنێو کایەی ئەدەبدا دابمەزرێنێت.




ئەگەر بۆ سەرچاوەی سەرەکی سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان و پۆلێنکاری و ئامانجی نووسەران لە بەکاربردنی فۆرمە هەمەجۆرەکانی ئەدەب بگەڕێینەوە، ئەوە وێنە گشتییەکە بە ڕوونی لەلای (سیروس شەمیسا) دەدۆزینەوە، بەوەی ئەو نووسەرە لە تێڕوانینێکی تایبەتیدا هەموو ئەمانە لە دوو بنەما و خاڵی سەرەکی وەک (ستایش و داشۆرین) کۆدەکاتەوە، هەروەک دەنووسێت: «ژانرە سەرەکییەکان بریتین لە ستایش و داشۆرین. لەم پۆلێنکردنەدا تێڕوانینی نووسەر و ئەفرێنەر دەبێتە پێوەر و مەبەست.

نووسەری دەقێک هەستی هاوخەمیی بەرانبەر بە پاڵەوان (کە ڕەنگە هەر خۆی بێت) هەیە و ستایشی دەکات، بەم جۆرە داستان و لیریک و

تراژیدی و موناجات و پاڕانەوە و شین و شانازی و ئەدەبی فێرکاری دروست دەبن، یان تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە و لەم کاتەدا کۆمیدی و گلەیی و داشۆرین دروست دەبێت. ئامانجی ئەدەب لە جۆری یەکەمدا بریتییە لە هاندان، لە جۆری دووەمیشدا بریتییە لە ڕەواندنەوە. بە واتایەکی دی نیشاندانی جیهان (چ جیهانی دەرەوە و چ جیهانی ناوەوە) و گواستنەوە و وێنەکێشانی لە چوارچێوەی وشەدا بە تێڕوانینێکی ئەرێنی، یان نەرێنی دەبێت، لەم دوو ڕێگەیەوە نووسەر و شاعیر ئارەزومەندانە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن، واتە دەست لە ڕاستییەکان وەردەدەن.» (٣٦).

هەڵبەتە هۆکاری زۆری پۆلێنکردنەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە ئامانج لە پۆلێنکردنەکان لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی دی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت، هەروەک دەبینین لەلای (ئەرستۆ و درایدن و ئیرڤنج و بابیت) مەبەستەکە (هەڵسەنگاندن)ە، یان وەک دەردەکەوێ مەبەستەکە لەلای تیۆریداڕێژەرانی سەردەمی ڕێنسانس (فێرکاری)یە، یان مەبەستەکە (پەرەسەندن)ە هەروەک لەلای (برۆنتێر) بەدی دەکرێت، یان مەبەستەکە (گەیاندن)ە هەروەک لەلای (ماریا کورتی) بەرچاو دەکەوێت، یان مەبەستەکە پێکهاتەیەکی (ئایدیۆلۆژیی) هەیە هەروەک لەلای (فریدریک جیمسۆن) خراوەتەڕوو، یان مەبەستەکە بنەمایەکە بۆ تێگەیشتنی گواستنەوە و مێژووی ئەدەبی هەروەک لەلای فۆرمالیستە ڕووسەکان بەرچاو دەکەوێت (٣٧).

بەم شێوەیە لە میانی پەرەسەندن و گۆڕانکاریی پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکانەوە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە لەسەردەمی هاوچەرخدا هەوڵدان بۆ پۆلێنکردنێکی لۆژیکی و یەکلاکەرەوەی ژانرەکان، کارێکی زۆر دژوار و ئاڵۆز بێت، ئاخر زۆر ئەستەمە ژانرەکان پۆلێن بکرێن، لە کاتێکدا پێوەرەکانی پۆلێنکردن لە خودی خۆیدا بەڕوونی دەرناکەون، مەگەر پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ژانرەکەدا نەبێت، یان ئەو پۆلێنکرنەی هی سەردەمی هاوچەرخ نەبێت، کە تێیدا سەرجەم ژانرەکان ناسنامەکەیان لەناو ئەدەب ون دەبێت، چونکە پۆلێنکردنەکە بۆ (ئەدەب و نا ئەدەب) دابەش دەبێت. بەکارهێنانی زاراوەی (نائەدەب) بۆ یەکەمین جار بۆ لای (کلۆد مۆریاک) دەگەڕێتەوە، کە «مەبەست لێی گوزارشتکردنە لە پابەندبوون بە سادەیی و دوورکەوتنەوە لە جوانی دەربڕین و دەربڕینی ئەدەبی. (٣٨)» (علوش، ١٩٨٥: ٣٥).

دیارە خودی ئەدەب لەسەر بنەمای تێکەڵبوونی چەند توخمێکی جیاواز بنیادنراوە، هەروەک دەبینین کاتێک چێژ و جوانی زمانی دەربڕین و سیحری ئیستێتیکا بە قووڵی دەچێتە نێو هەر دەقێک، ئەوە شیعرییەت و ئەدەبییەت تێک دەئاڵێن و گوتارەکە دەکەن بە گوتارێکی ئەدەبی، ئەوسا تێکست، ئیستێتیکا و جوانکاریی لێ دەچۆڕێت، بەمەش ئەوەی هەر دەربڕین و نووسراوێک دەکات بە ئەدەب، ئەوە بۆ توخمە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە (٣٩). ئەم توخمانە لەناو سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکاندا بە چڕی بەیەکداچوونە و لەناویەکتردا بەوردی تواونەتەوە و لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت و زمان دایاندەپۆشێت. بە مانای ئەوەی کاری ئەدەبی بە پلەی یەکەم لەناو زماندا هەڵدەسووڕێت، بۆیە لە دەرەوەی جوگرافیای زمان، ئەدەب بوونی نییە. لەتەک ئەمەشدا ڕێژەی هەریەک لە توخمەکانی دیکەی ئەدەبی، لە هەر دەقێکدا هەڵکشان و داکشان بەخۆیەوە دەبینێت و ڕێژەکەیان لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی بە پێی تیۆریی ئەدەبی و ڕێبازە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی و چێژی جوانیناسی نووسەرانەوە

جیاوازی تێ دەکەوێت و تێکەڵ بەیەکتر دەبن. بەواتای ئەوەی ئەو توخمانە بەیەکەوە لەناو هەر تێکستێکدا بە شێوازی ئیستێتیکی ڕەنگڕێژکرابن، ئەوە تێکستەکە دەکەن بە تێکستێکی ئەدەبی و دەیبەنە ناو بازنەی ئەدەبیات، ئەو توخمانەش خودان ئەرکن و جێکەوتی خۆیان لەسەر تێکستی ئەدەبی بەجێ دێڵن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەوەی هەر دەربڕین و نووسراوێک دەکات بە ئەدەب، ئەوە بۆ توخمە ئەدەبییەکان و ئیستێتیکای دەربڕین و شیعرییەت دەگەڕێتەوە، بەوەی هەر کاتێک «ئیستێتیکا لەگەڵ زانستەکانی تر تێکەڵی دەقێکی ئەدەبی دەبن و شیعرییەت دێننەکایەوە و دەبنە پێوانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نا ئەدەبی و پلەی بەهێزی و لاوازی نیشان دەدەن، بۆیە ئەوە شیعرییەت و ئیستێتیکایە، دەقێک نەمر دەکات و پایەی شیعرێک لە شیعرێکی دیکە جیا دەکاتەوە.(٤٠)»

دواجار پێمانوایە لە میانی گۆڕانکاریی ژانرەکان و پۆلێنکردنیاندا بە درێژایی مێژوو، دەشێت بەو ئاکامە بگەین، کە سەرجەم هەوڵەکان لەم سێ خاڵەدا چڕ بکەینەوە، کە یەکێک لەم خاڵانە دەگرێتەوە، یان هەموویان بەیەکەوە لەخۆ دەگرێت:

١. **پێوەری ناوەڕۆک:** ئەم پێوەرە لە مانای مەبەستداری گشتی چڕدەبێتەوە و جەخت لەسەر تێڕوانینی نووسەر و پەیامە سەرەکییەکە دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بایەخ بە تەکنیک و لایەنە هونەرییەکانی ژانری ئەدەبی بدات.

٢. **پێوەری شێواز:** لێرەدا شێوازی دەربڕین و داڕشتە، ستراکتورێکە بۆ کەرەستە سەرەکییەکە، کە زمان نوێنەرایەتی دەکات، ئەم پێوەرە توخمە بنچینەییەکەی بە ئەدەب گرێ دراوە و تێیدا سەرجەم ژانرە شیعری و پەخشانییەکان و بەیەکداچوونیان بەرجەستە دەکات.

٣. **پێوەری پێکهاتەیی:** ئەم پێوەرە جەخت لەسەر ڕێچکەکانی داهێنان دەکاتەوە، کە دانەر بە ئامانجێکی مەبەستدار دەگەیەنێت لە ڕووی مانا و فۆرم و بنەمای هونەرییەوە، ئەمەش پێکهاتەی بەرهەمی ئەدەبی و خودی دەقەکە دەگرێتەوە، بەمانای ئەوەی، ئەم پێوەرە جەخت لەسەر ئەو تایبەتمەندی و سیما و خاسیەتە پێکهێنەرانە دەکاتەوە، کە بەرهەمەکەی لەسەر ڕەنگڕێژ کراوە، ئەمەش ژانری خاوەن ناسنامەی ئەدەبی و دەقی بێ ناسنامە دەگرێتەوە.

هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن، کە ژانرە ئەدەبییەکان هەر لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی سەردەم لە ڕووی دابەشکردن و پۆلێنکردنەوە گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە، بەوەی کە ژانری نوێ و بن ژانری تازە دەرکەوتووە و لقی تازەیان لێ بووەتەوە و ژانری دی فەرامۆش کراوە و بەشێوەیەکی دیکە دەرکەوتووەتەوە و پەرەیان سەندووە، هەر بۆیە لەلایەن تیۆریداڕێژەر و ڕێبیر و ڕەخنەگر و توێژەرانەوە پۆلێنکردنی جۆراوجۆر بۆ ژانرە ئەدەبییەکان خراونەتەڕوو، دواجار کاتێک بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەناو یەکتر ڕوودەدات و پەرژینی نێوانیان دەڕووخێت و ناتوانن پارێزگاری لە ناسنامەی خۆیان بکەن، ئەوکات هیچ پێودانگ و پرەنسیپێک بۆ پۆلێنکردنی ژانرەکان نامێنن، ئەو کات پۆلێنکردنەکە بەسەر ئەدەب و نائەدەبدا دابەش دەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەم پۆلێنکردنە کۆتایی بە ناسنامەی ژانرەکان دێنێت و ژانرە خاوەن ناسنامەکان دەسڕێتەوە، بەڵکوو داهێنان و ژانرەکان لە سەردەمی هاوچەرخ هەر بەردەوام دەبن. «ئەدەبیات دەبێ شێلگیرانە بەدوای داهێناندا بێت

**و مانەوە و ژیانەوەی خۆی لە سایەسەری داهێناندا ببینێت.(٤١)» واتە ئەگەرچی بە درێژایی مێژووی ئەدەب و تێپەڕبوونی سەردەمە جیاوازەکان، گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژانرە ئەدەبییەکاندا هاتووە، وەلێ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی ڕۆژگار نەیانتوانیوە پۆلێنبەندی ژانرەکان فەرامۆش بکەن. لێرەوە ئەگەر بە وردی لە ژانرە تازەکان بڕوانین، ئەوە دەبینین ئەمڕۆ ژانری ڕۆمان بە ژانری زاڵی سەردەمی هاوچەرخ لەقەڵەم دەدرێت و زۆربەی ژانرەکانی لەناوخۆیدا کۆکردووەتەوە.**

**پەراوێزەکان:**

(٢٨) * زۆرجار لە هەمبەر زاراوەی ژیننامە، لە نووسین و کتێبە ئەدەبی و مێژوویی و ڕامیارییەکاندا زاراوەی دیکە و دەربڕینی جیاواز و هاومانای وەک (یاداشتنامە، بیرەوەری، یادنامە، ئەزموونی ژیان، دانپێدانان..تاد) بەرچاو دەکەون، بەڵام زاراوەی ژیننامە لە ڕووی واتاییەوە سنوورەکەی فراوانترە و هەموو ئەمانە لەخۆ دەگرێت و ئاماژەی کۆی ئەزموونەکانی ژیان و دنیابینی مرۆڤ دەدات.

(٢٩) (عومەر، ٢٠٢٣: ٣٠٦)

(٣٠) (ئەلبووم: ٢٠١٦)

(٣١) (Miraux،٢٠٠٧:١٥)

(٣٢) (بێکەس، ٢٠٠٦: ١١٥)

(٣٣) * سەبژانر (Subgenre)، بە مانای بن ژانر و ژێر ژانر دێت. بن ژانر، بەشێکی بچووکتر و تایبەتترە لە ناو ژانرێکی فراوانتردا، بۆیە هەر ژانرێک دەتوانرێ چەندان بن ژانری دیکەی هەبێت. بەم شێوەیە دەتوانرێ هەر ژانرێکی سەرەتایی وەک خێزانێک بیری لێ بکرێتەوە، بەوەی بن ژانرە جیاوازەکانی درەختی بنەماڵەکەی پڕ دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ژانرێکی وەک چیرۆک بکەین، دەبینین لەژێر ئەم ژانرەدا چەندان بن ژانری وەک کورتە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، چیرۆکی زۆرکورت، برووسکە چیرۆک لە میانەی ئەدەبناسیدا بە فۆرمی جیاواز هەن.

(٣٤) (حەسەن، ٢٠١٨: ٦٣-٦٤)

(٣٥) ( بێکەس،٢٠٠٥: ٨)

(٣٦) (شمیسا، ١٣٨٧: ٤٥)

(٣٧) (دومة، ١٩٩٧: ٢١٩)

(٣٨) (علوش، ١٩٨٥: ٣٥)

(٣٩) * توخمە ئەدەبییەکان ئەمانەن: (سۆز (Emotion)، ئەندێشە (Imagination)، هزر (Thought)، فۆرم (Form)، زمان (language).

(٤٠) (خۆشناو،٢٠١٠: ٢٥)

(٤١) (یەعقووبی،٢٠٠٨: ٨٦)

**سەرچاوەکان:**


١. شمیسا، دکتر سیروس (١٣٨٧)، انواع ادبی (ویرایش چهارم)، نشر میترا، چاپ سوم، تهران.

٢. غزول، فريال الجبوري (١٩٩٣)، ايديولوجية بنية القص: لطيفة الزيات نموذجا، م: فصول، ع: (١).

٣. شيفير، جان ماري (٢٠١٥)، ما الجنس الادبي، ت: د. غسان السيد، اتحاد الكتاب العرب.

٤. القصراوي، د. مها حسن (٢٠٠٩)، نظرية الانواع الادبية في النقد الادبي، نظرية الرواية نموذجا، بحث منشور ضمن أعمال مؤتمر (تداخل الانواع الادبية)، المجلد الثاني.

٥. عبدالهادي، د. علاء (٢٠٠٩)، مقدمة نظرية الانواع النووي نحو مدخل توحيدي لحقل الشعريات المقارنة، بحث منشور ضمن أعمال مؤتمر: (تداخل الانواع الادبية)، المجلد الاول.

٦. جينيت، جيرار (د.ت). مدخل إلى النص الجامع، ت: عبدالرحمن ايوب، دار الشؤون الثقافية العامة، دار توبقال للنشر، بغداد.

٧. كوب، دكتر عبدالحسين زرين (١٣٦٠)، نقد

ادبی، انتشارات امیر کبیر.

٨. الماضي، د. شكري عزيز (٢٠١٠)، تيۆری ئەدەب، و: پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٩. تيغيم، فيليب فان (١٩٨٣)، المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا، ت: فريد أنطونيوس، ط ٣، منشورات عويدات، بيروت - باريس.

١٠. يحياوي، د. رشيد (٢٠١٦)، مقدمات في نظرية الانواع الادبية، وكالة الصحافة العربية، المنهال للنشر.

١١. العسكري، ابو هلال الحسن بن عبدالله (١٩٨٤). كتاب الصناعتين، تقديم: مفيد مقيصة، دار الكتب العلمية، ط ٢، بيروت.

١٢. مندور، محمد (١٩٨٠)، الادب و فنونه، دار النهضة، القاهرة، مصر.

١٣. ئەحمەدزادە، حەیدەر (٢٠٢١/٢/٢)، ژانرە ئەدەبییەکان و ستراتیژی خوێندنەوەیان لە ئەدەبی کوردیدا، بەشی یەکەم، ڕ: هەولێر، ژ: (٣٤١٣)، بەشی دووەم و کۆتایی، ڕ: هەولێر، ژ: (٣٤١٤).

١٤. م. نووری (١٩٢٦). ئەدەبیاتی کوردی، ڕ: ژیان، ساڵی یەکەم، ژ: (٢٠) و ژ: (٢٢).

١٥. رشام، د. فيروز (٢٠١٧)، شعرية الاجناس الادبية فى الادب العربي - دراسة أجناسية لأدب نزار قباني، دار فضاءات للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.

١٦. وليك، رنيه و وارن، اوستن (١٩٩٢)، نظرية الادب، ت: د. عادل سلامة، دار المريخ للنشر، الرياض - المملكة العربية السعودية.

١٧. باختين، ميخايل (١٣٩٠)، گفتاری در باب گونەهای سخن، ت: د. قدرت قاسمی پور، فصلنامە نقد ادبی، شمارە (١٥).

١٨. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٩. عومەر، موحسین ئەحمەد (٢٠١٥)، ئۆتۆبیۆگرافی وەک ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارە(٣٢). ل ٣٠٦.

٢٠. ئەلبووم، میچ (٢٠١٦)، سێشەممان لەگەڵ مۆری، و: دڵشاد شارباژێڕی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

21. Miraux. Jean Philipp (2007)، Lautobiograpgie, Ecriture de soi et sincerite, Armand Colin, parise.

٢٢. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٦)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی شەشەم (٢٠٠٤ - ٢٠٠٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٣. حەسەن، حەمەسەعید (٢٠١٨)، ڕۆمان و ژیاننامە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢٤. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٥)، کورسی- تێکستی والا، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆی نەوا، سلێمانی.

٢٥. دومة، د. خيري (١٩٩٧)، القصة الرواية المؤلف، دراسات فى نظرية الانواع الادبية المعاصرة، مجموعة من المؤلفين، ط١، دار شرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة.

٢٦. علوش، سعيد (١٩٨٥)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، ط ١، مطبوعات المكتبة الجامعية.

٢٧. خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، هەولێر.

٢٨. یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٨)، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.